خاوەنی ئیمتیاز
فێستیڤاڵ

# شانۆکـــــار

بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ
شکۆ عومەر
دەستەی باڵای فێستیڤاڵ
مەریوان زەنگەنە
سیروان بێڵانە
تارق ناسح
محەمەد خدر

سەرنووسەر
کاردۆ محەمەد
ستافی رۆژنامە
هەوار فارس
هۆزان شێرزاد
جوتیار بەهرام

ژمارە (٥) یەکشەممە ٢٠١٩/٥/٥

رۆژنامەیەکی تایبەتە بە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک خولی جیهاد دڵپاک


## لـــەکـــۆتایـــی دا ئەنجامـــەکانـــی فێستیـــڤاڵ یەکـــلاکـــرانەوە

لەکۆتا رۆژی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک خولی جیهاد دڵپاک ،لیژنەی دادوەری بەم شێوەیە ئەنجامەکانی یەکلاکردوەوە:


خەڵاتی باشترن ئەکتەری کچ بەخشرا بە شنیا هۆشیار لە





نمایشی لەدایکبوونی زیندان، بەرهەمی شاری هەڵەبجە .

خەڵاتی باشترن ئەکتەری کوڕ بەخشرا بە ئەژین حمە نوری لە شانۆیی بەرەوئەستێرەیەکی تر بەرهەمی شاری سلێمانی .



خەڵاتی باشترن کاری دەرهێنان بە هاوبەشی بەخشرایە ئالان هیوا لە شانۆیی دونیا بەرهەمی شاری کەرکوک ، و مەسعود عارف لە شانۆیی دینۆ بەرهەمی شاری دهۆك .
هەروەها بە هاوبەشی



خەڵاتی باشترین کاری سینۆگرافیا بەخشرایە شانۆیی دینۆ بەرهەمی شاری دهۆك و شانۆیی دونیا بەرهەمی شاری‌کەرکوك خەڵاتی باشترین بەرهەم بەخشرایە شانۆیی دینۆ ٠

## بەیان ئەحمەد: کەرکوك بەهونەر شکستە سیاسیەکان کۆنترۆڵ دەکات



دوێنێی کەرکوك دڵی هەمووانی وێران کرد هەمووان بەشێکمان لایەکمان پارچەیەکمان کەوتە تەنگەژەی قوڵی جەنگەوە .

وەلێ ئەمرۆی کەرکووك بەجۆرێك لەجۆرەکان سکونی خستەوە دڵمان هەموو جار دەڵێم گەر هونەر نەبا

چۆن چۆنی لەم جهەنەمە قوتاردەبووین کەلەسەر هەسارەی زەوی بەری دەکەوین . کەرکوکی ئەمڕۆ بەهونەر شکستە سیاسیەکان کۆنتڕۆڵ دەکات چەند جوانی دەباری ژیان دەباری لەم هۆڵەوە بۆ هۆڵێکی تر لەم نمایشەوە بۆ ئەوی دی .

## ســـۆمـــا جیـــهاد دڵپـــاک

سووپاس بۆ رێکخەرانی فێستیڤاڵ کە بەوەفابوون بەرامبەر بە هونەرمەندی کۆچکردوو جیهاد دڵپاك، خۆشم زۆر بەخۆشحاڵ دەزانم ئەو هەموو گەنجە دەبینم کە فێستیڤاڵەکە بەڕێوەدەبەن و تێیدا بەشداربن .



## شانۆکار ئالان هیوا : لەم فێستیڤاڵە دا جێدەستی گەنجان دیارە



ئەم خولەی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك رۆڵێکی باشی هەبوو لە بەشدارپێکردنی گەنجان،لەم فێستیڤاڵەدا گەنجان جێدەستیان دیارە چ لە

بەڕێوەبردن چ لە بەشداریکردنی نمایشەکانیان‌هیوادارین ساڵانی داهاتوویش بەهەمانگرتینەوە بێت.

## شانۆکار محەمەد بەسری:دڵنیاین لەداهاتوودا کاری گەورەتر ئەنجام دەدەن

فیستیڤاڵی شانۆی کەرکوك بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات هیوادارم ساڵی ئایندە ئەم فێستیڤاڵە فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی بێت، چونکە زۆربەسەرکەوتوویی وجوانی بەڕێوە چوو، لەستاف و لیژنە کانی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵ دڵنیاین کە دەتوانن کاری گەورەتر

ئەنجام بدەن ، لێرەوە دەستخۆشی لە یەك بەیەکیان دەکەم ودەستی ماندووبونیان دەگوشم ، هەربژین وسەرکەوتووبن ئازیزان و خەمخۆران ودڵسۆزانی ڕەوتی هونەر لە شاری کەرکوك ، سوپاس بۆئێوەی خۆشەویست کە سەربەرزو دڵخۆشتان کردین.



## پیرۆزبایـــی نامـــەیەك لـــە بـــورهان قـــەرەداخییەوە

سڵاوێکی شانۆکارانە ...هاوڕێیانی دەستەی بەڕێوەبردنی فیستڤاڵی شانۆی کەرکوك.

لەناخی دڵمەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم بۆ ئەو هەنگاوە بوێرانەو رێچکە شکێنەی گرتوتانەتەبەر لەشارە خۆشەویست و بریندارو کۆتکراوەکەی کەرکوك. ئازیزانم گەرچی من ئامادەی فیستڤاڵ نەبووم بەڵام بڕوابکەن زۆر دڵشادبووم بەسەرکەوتنی فیستڤاڵەکەتان .. بەڕێزان هونەرمەندانی ئازیز (شکۆعومەر، مەریوان زەنگەنە ، کاردۆمحەمەد ، تاریق ناسح،.سیروان بێلانە...هەڤاڵانی هاوکارو خۆبەخش ...)جارێکی تر دەستتان دەگوشم .دڵنیام هەمووکارێك بێ کەم و کوڕی نابێ ، بەڵام گرنگ بەردەوامی و خۆئامادەکردنە ...دووبارە پیۆزبایتان لێدەکەم و هەرسەرکەوتووبن لەم ڕەوتی کاروانە هونەرییە.

لەگەڵ دنیایەك خۆشەویستیم بۆتان

بورهان قەرەداخی
هانۆفەر ئەڵمانیا
٢٠١٩/٥/٦

## هـــــەوار : ئـــەرکیـــکـــی پیـــرۆزمـــان پێســـپێردرا

بەپێی توانا کارمان کردو ڕومالی چالاکییەکانی فێستیڤاڵمان کرد تاوەکو لە بڵاوکراوەی ڕۆژانەی شانۆکار دابەشی بکەینە سەر میوانەکان،ئەگەرچی هەوار لە ساتە جوانەکانی نمایش بێبەش بوو ،بەڵام بە هەماهەنگی و هاوکاری چەند هاوڕێیەکم ئەم کارەمان کردو بۆ مێژووی شانۆی کەرکوك،

بەپێویستی ئەزانم سوپاسی تەواوی ستافی رۆژنامەی شانۆکاربکەم کە هاوکارم بوون بۆ ئەو کارە .

